# شەونم

هۆنراوەی (43)

سالها دل طلب جام جم از ما می کرد

دڵ کە غیری لە مە جامی جەمی داوا نەدەکرد
هەر لە لای خۆی بوو تەمەنناشی لە بێگانە دەکرد
گەوهەرێکی لە سەرووی عالەمی بوون بوو داوای
لە بەرەی نابەڵەدی ئەوبەری بەحرانە دەکرد
دوێ شەوێ بردمە لای پیری موغان موشکلی خۆم
کە گرێ و گۆڵی گرانی بەپەڕە و شانە دەکرد
دیم بە خەندە و نەشەوە دەس بە پیاڵەی مەیەوە
چاوی لەو جامی مەیە و حیکمەتی جانانە دەکرد
وتم ئەو جامی جیهان بینە حەکیم کەی پێی دای
وتی ئەودەم دەسی بەو گومبەز و هەیوانە دەکرد
وتی ئەو یارە کە لەوڕایە بڵیندی سەری دار
ئەوە بوو سووچی دەسی بەو قسە بەرزانە دەکرد
عاشقێ بوو کە لە هەر جێ یەکی با خوای لێ بوو
چونکە نەی دیتبوو هاواری نەدیوانە دەکرد
فێڵی عەقڵێ لە ئەوین وەک کەڵەکی سامیری یە
دەست و داردەستی کەلیم گشتی بە ئەفسانە دەکرد
ئەوچەلیش رووحی قودوس ئاوڕی بە خێر داباوە
خەڵکی دیکەش هەموو کارێکی مەسیحانە دەکرد
وتم ئەو پەرچەمی زنجیری بوتان بۆ چ دەبێ
وتی حافز گلەیی لەو دڵی دێوانە دەکرد

حافزی حەقیقی